گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕۆڵی فرەزمانی لە دۆزینەوەی هەلیکار لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا

**تارا مشير صالح**
بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.
tara.salih@koyauniversity.org

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٤/٤/١٦
پەسەندکردن:٢٠٢٤/٥/٢٢
بڵاو کردنەوە:هاوین ٢٠٢٥

**ووشە سەرەکییەکان:**
*Language skills, Employment, Kurdistan Region, Multilingualism, Labor market.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.10.2.11

## پوختە

فرەزمانی بە واتای کەسێک جگە لە زمانی دایکی زیاتر لە دوو یان سێ زمان بزانێت، هەرێمی کوردستان پێویستی بە سیاسەت و پلانی بەڕێوەبردنی زمان هەیە. وەکو هەرێمێکی فرەکەلتوور و فرەزمان، کە لە خوێندندا جگە لە زمانی کوردی، زمانی ئینگلیزی و عەرەبیش لە زۆربەی خوێندنگە، زانکۆ، کۆلێژ و پەیمانگەکان بەکاردەهێنرێن، ئەمە جگە لە هەندێک خوێندنگەی تایبەت بە کەسایەتییە ئایینی و نەتەوەییەکانی وەکو ئاشووری و تورکمانی، کە تێیاندا زمانەکانی ئاشووری و تورکمانی بۆ خوێندن بەکاردێن، ئەمەش پێویستی بە ئیدارەدانێکی باش هەیە، بەشێوەیەک مافی هەموو ئایین و ئایینـزا و نەتەوەکانی کوردستان پارێزراو بن، هاوکات زمانی کوردی پارێزراو بێت، کە یەکێکە لە فاکتەرە هەرە گرنگەکانی ناسنامەی نەتەوەیی، بەگوێرەی دەستووری عێراقیش زمانێکی فەرمییە، هەروەها زمانی ئینگلیزیش بەشێوەیەکی وا بەکاربێت کە خەڵکی کوردستان سوودی لێ ببینن و بەهۆیەوە لەگەڵ کاروانی جیهانگەرایی، پێشکەوتن، زانست و تەکنۆلۆژیا ڕێکبکەن. لەلایەکی دیکەوە نابێت بە پاساوی پاراستنی زمانی کوردی بەربەست بۆ بەکارهێنان و فێربوونی زمانەکانی تر دروست بکرێن، بەتایبەتی زمانی ئینگلیزی کە ئەمڕۆ پێویستییەکی هەنووکەیی پێشکەوتن، تەکنۆلۆژیا، پەیوەندیکردن، خوێندن، زانست و

مەعریفەیە. ئەوە جگە لەوەی کە فرەزمانی، لە تەمەنێکی پێگەیشتوودا، پێویستییەکی تەندروستییە بۆ پاراستن و کرانەوە و فراوانبوونی هزر و مێشکی مرۆڤەکان، کە بەگوێرەی توێژینەوەکان، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دۆزینەوەی هەڵیکار لە جیهانی ئابووری و بازرگانی ئەمرۆدا، بۆیە بە پێویستم زانی لێکۆڵینەوەیەک لەم بارەیەوە بکەم کە گەنجانمان بتوانن لە کەرتی تابەت کاریان دەستبکەوێت بۆ بەژێوی ژیانی خۆیان، لە کاتێدا دامەزراندن نزیکە دە ساڵە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا نییە.

## ١-پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەک پێکهاتووە کە ڕەهەندە فرەلایەنەکانی فرەزمانەوانی لە هەرێمی کوردستانی عێراق تێپەڕێتە بازاڕی کار. سەرەتا بە پێداچوونەوە بە ڕێباز و چوارچێوە تیۆرییەکانی هەن ، کە پەیوەندییەکانی نێوان توانای زمان و دەرئەنجامەکانی دامەزراندن ڕووندەکاتەوە.دواتر توێژینەوەکە قووڵ دەبێتەوە لە بواری ئەزموونیدا و شیکارییەکی گشتگیر دەخاتە ڕوو لە ڕاپرسییەکان، چاوپێکەوتنەکان، و داتای ئاماری بۆ دامەزراندنی پەیوەندی و نەخشەکان لە نێوان فرە زمانەوانی و داینامیکی بازاڕی هەڵیکاردا . سەرەڕای ئەوەش، لێکۆڵینەوەکە بەدواداچوون بۆ ئەزموونەکان دەکات ، کە تاکەکانی لە پاشخانی زمانەوانی جۆراوجۆرەوە هاتوون، کە تێڕوانینێک بۆ ئاستەنگەکان دەکات، کە ئەو ستراتیژیانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە و بەکاریدەهێنن بۆ بەکارهێنانی تواناکانی زمانیان.

### ١-١- ناونیشانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (ڕۆڵی فرەزمانی لە دۆزینەوەی هەڵیکار لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا)ە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**١-٢- ڕێبازو کەرەستەی توێژینەوەکە:**

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، میتۆدی شیکاری و شێوازی ئاماری بەکارهاتووە، واتە سودمان لە ئاماری زانستە کۆمەڵایەتییەکان (SPSS ،Statistical Package for Social Science) وەرگرتووە.

**١-٣- سنوری و کەرستەی توێژینەوەکە:**

سنوری توێژینەوەکە لە چوارچێوەی زاری کرمانجیی ناوەڕاست ـ شێوەزاری سلێمانیدایە، نمونە وەرگیراوەکانی لە شاری هەولێرە، کە بریتین لە: کۆمپانیایی گەشتوگوزاری فلای ئەربیل ، کۆمپانیایی گەیاندن کۆڕەک ، بانکی جیهانی نێودەوڵەتی،بازاری فاملیی مۆڵ، قەبارەی نمونەکان بریتییە لە (٤٠) فۆرم کە (١٠) پرسیار لەخۆدەگرێت، بەشێوەی فۆرمی ڕاپرسی لە لایەن لێژنەی هەڵسەنگاندنی شـارەزایانەوە بۆ پاڵپشتیکردنی توێژینەوەکە پەسندکراوە، نمونەی توێژەکان تەمەنیان لە سەروی پێگەیشتنەوەن بە هەرچوار نمونەکە لە نێوان (١٨ تاکو ٦٥) ساڵیدایە و هەمووی نەتەوەی کوردن لە کەرتی تایبەت کاردەکەن.

**١-٤- پرسیاری توێژینەوەکە: توێژینەوەکە وەڵامی ئەم پرسیارانە دەدەداتەوە:**

ئایا شارەزابوون لە فرە زمانی مەرجێکی سەرەکییە بۆ دەستکەوتنی هەڵیکار لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا؟

ئایا دامەزراندن لە هەرێمی کوردستانی عێراق تەنها بۆ نەتەوەی بیانییە وەک ئینگلیز و تورک و فارس و عەرەب؟

ئایا گرینگی دراوە بە زمانی کوردی (زمانی دایک) لە بازاڕی هەڵیکاردا لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا ؟

**١-٥- هۆکارو گرنگی توێژینەوەکە:**

تاوەکو ئێستا توێژینەوەیەکی سەربەخۆ لەسەر ڕۆڵی فرە زمانی لە دۆزینەوەی هەڵیکار لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا نەکراوە، بۆ ئەوەی گەنجان لە هۆکاری بێ کاری و قەیرانی دامەزراندن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هۆشیارکەینەوە، لایەنی پەیوەندیدار ئاگاداربکرێتەوە لە ڕەخساندنی هەڵیکار بۆ گەنجان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا تەنها شارەزایی لە زمانی کوردی نەبێتە هۆکاری ڕەتکردنەوەی سیڤیەکانی گەنجان لە کەرتی تایبەت و بازاڕی کاردا.

**١-٦- بەشەکانی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە لەگەل پێشەکی و ناوەڕۆك و ئەنجام و سەرچاوەکان، جگە لەمانە پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی نووسراوە.
بەشی یەکەم بەناونیشانی (فرەزمانی و سوودەکانی )، کە ئەم بابەتانە لەخۆدەگرێت: چەمک و پێناسەی فرەزمانی، هۆکارەکانی فرەزمانی ،سوودەکانی فرەزمانی لە هەرێمی کوردستان .
بەشی دووەم بەناونیشانی (ڕۆڵی فرەزمانی لە دۆزینەوەی هەڵیکار )، کە ئەم بابەتانە لەخۆدەگرێت: فرەزمانی لە هەرێمی کوردستان ،لێکۆڵینەوەی مەیدانی تاوتوێکردنی فۆرمی ڕاپرسی.

## ٢- فرەزمانی و سوودەکانی

### ٢/١- چەمک و پێناسەی فرەزمانی

زمان ئامرازێکی گرنگە بۆ مرۆڤ بە مەبەستی پەیوەندیکردن و تێگەیشتن و قبوڵکردن یان ڕەتکردنەوەی ئەوانی تر. بۆیە فێربوونی زمانەکان یەکێکە لە کارامەییە گرنگەکان ،کە دەبێت کاربکەین بۆ پەرەپێدان و بەکارهێنانی لە ژیانماندا، جا چ بۆ زیادکردنی کۆی زمانەوانی و کەلتووری و زانیاری یان بە مەبەستی گەشتکردن و چاوپێکەوتن و ئاڵوگۆڕی ئەزموونی کار، ئەوە ناتوانرێت بەبێ زمان بژیت. بۆیە پێویستە کاربکەین بۆ ئەوەی ڕەگ و ڕیشەی زمانی دایکی خۆمان داکوتێنین و دووبارە لە ڕۆحی خۆماندا زیندوو بکەینەوە، و بەرەو فێربوونی زمانە فەرمییەکان هەنگاو بنێین کە کۆمپانیا و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن.
سەرەتا با بزانین فرەزمانی چییە و چی دەگرێتەوە. فرەزمانی (Multilingualism) چەمکێکی کۆنە و لە لاتینی و ڕۆمانی بەکارهێنراوە و بۆ یەکەمجار لە ساڵانی (١٨٠٠) لە زمانی ئینگلیزی دەرکەوتووە، کە لە دوو بڕگە پێکهاتووە،( Multi)بە واتای (فرە) و (lingual) بە مانای زمان دێت.

کەواتە ئەم چەمکە بۆ ئەو کەسانە بەکاردێت کە توانای پەیوەندیکردن و قسەکردنیان بە زیاتر لە دوو زمان هەیە، هەروەها بۆ ئەو کۆمەڵگەیانەش بەکاردێت کە تێیاندا زیاتر لە دوو زمان بەکاردێت. لە ئێستاشدا ئەم چەمکە بۆ ئەو ناوەندە ئەکادیمی و زمانیانەش ، کە تێیاندا زیاتر لە دوو زمان بەکاردێت، وەکو خوێندنگەی فرەزمان و زانکۆی فرەزمان ئێستا لەو شوێنانەی کە زمانی زیاتر بۆ هەمان زمان هەیە، قسەکەران لە ژێر بارودۆخی جیاوازدا بەکاری دەهێنن، وەک ئەوەی لە ئیتاڵیا و ئێرلەندا هەیە(الفهري، ٢٠٠٣: ٤٦). یەکەمین بەکارهێنانی تۆمارکراوی وشەی فرە زمانەوانی لە زمانی ئینگلیزیدا دەگەڕێتەوە بۆ دەیەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم وەک تێکەڵەیەک لە وشەی فرەزمانەوانی و زمانەوانی. لە لایەکی تریشەوە دیاردەکە بەقەد زمانە جیاوازەکان کۆنە(أزال ، ٢٠١٥ : ٦٥).هەروەها لەبارەی فێربوونی زمانە بیانییەکانەوە کاریگەری لێکۆڵینەوەی زمانەوانییە تازەکان تێیدا گەلێک زۆر بوو بە تایبەتی لە ناوەڕاستی سەدەی ئێستادا، ئەو کاریگەرییەش بریتی بوو لە ڕێگاو وانەی فێرکاری و هۆیە دیاریکراوەکان،هەروەها بریتی بوولە بنەما زمانەوانی و دەروونییەکان، کە هەموو ئەو ڕێگایانەی لەسەر بنیات نراوە(شێخ طیب: ٢٠١٣، ٦٤).

پێناسەی فرە زمانەوانی بابەتێکی مشتومڕاوییە بە هەمان شێوەی ڕوانینی زمانەوانی، لە کۆتایی جۆرێک لە بەرکەوتنی زمانیدا، مرۆڤ دەتوانێت فرە زمانەوانی بە شارەزایی تەواو لە زیاتر لە زمانێکدا و شارەزایی لە زمانێکدا پێناسە بکات، وا گریمان دەکرێت کە قسەکەر زانیاری و فەرمانی تەواوی زمانەکانی هەبێت و بەمجۆرە وەک قسەکەرێکی ڕەسەن دەنگ دەدات، لە ساڵی( ١٩٩٢)ەوە (ڤیڤین کوک) دەڵێت: زۆربەی قسەکەرانی فرە زمان لە شوێنێکدان لە نێوان پێناسەی مینیمالیستی و پێناسەی گشتگیردا،کوک ئەم کەسانە بە فرە لێهاتوو ناودەبات(*Muusa, 2022:132*).هەروەها زمانی بیانی ئەو زمانەیە کە تاک لە وڵاتەکەی خۆی فێری زمانێکتری بیانی دەبێت،بۆ نمونە ئەو کوردەی لە کوردستان فێری زمانی ئینگلیزی یا فەرەنسی و ئیتالی...هتد دەبێت لە وڵاتەکەی خۆی نەک وڵاتی زمانە بیانییەکە(دزەیی: ٢٠٢١، ١٤٠). یان زمانی بیانی :ئەو زمانەیە کە قوتابی بەشێوەیەکی فەرمی فێری دەبێت بەو حیسابەی کە لە دوتوێی پرۆگرامی خوێندنی قوتابخانەدایە،تەمەنی فێربوونی زمانی بیانیش جیاوازی هەیە بە جیاوازی هەمە جۆربوونی کۆمەڵگا و تیۆرە فەلسەفییە پەورەردەییەکان و بارودۆخی سیاسی(ناوخۆش:٢٠١٠، ٣٩٣).

ئامرازی زمان وەرگرتن، به بڕوای چۆمسکی توانای فێربوونی زمانەکان کارامەیەکی زگماکییە. منداڵ بە ئامرازێکی فێربوونی زمان لەدایکدەبن کە بە ئامێری فێربوونی زمان ناویدەبات. ئامێری فێربوونی زمان ئامرازێکی تیۆریی و تەکنیکییە، بۆ ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی فێربوونی منداڵ و تێگەیشتن لە زمان بە خێرایی بەکاردەهێنرێت، واتە بەشێکی فیزیکی مێشک نییە وەکو هایپۆتالاموس، یان مێدولا ئۆبلۆنگاتا، بەڵکو ئامێری فێربوونی زمان ( LAD) تێرمێکی گشتییە کە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو پرۆسە ئاڵۆزانەی مێشک بۆ فێربوونی زمانەکان هەیەتی، بەکاردەهێنرێت، بە بەراورد لەگەڵ جۆرەکانی تر، مرۆڤ زمانێکی ئاڵۆزی بە پێکهاتە و ڕێساکانیەوە پەرەپێداوە.( *Kennison, 2013: 124*)،ئەم ئامرازە بە گوتەی چۆمسکی بە تێپەڕبوونی کات ماندوو دەبێت و بەزۆری تا دەگاتە تەمەنی گەورەیی بەردەوام نابێت و ئەویش بەکاریدەهێنێت بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو ئەنجامە خراپانەی کە هەندێک لە هەرزەکاران و گەورەکان لە کاتی فێربوونی چەمکەکانی زمانی دووەمدا بەدەستیدەهێنن. هەروەها ئەو زمانەی دوای زمانی یەکەم فێری دەبیت لە دەرەوەی ماڵ، وەک ئەو زمانەی کە پەنابەران فێری دەبن لە کاتی پەنابەربوونیان یا ئەو زمانەی لە قوتابخانە و کۆلێژ فێردەبن بە زمانی دووەم ناودەبردێت(دزەیی: ٢٠٢١، ١٤٠).

کەواتە دەتوانین بڵێین فرە زمانەوانی بریتییەلە بەکارهێنانی زیاتر لە زمانێک لەلایەن تاک قسەکەرێک یان کۆمەڵێک قسەکەرەوە، زیاتر خەڵک بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بەلایەنی کەمەوە بە زمانێکی تر جگە لە زمانی دایکی خۆیان قسە دەکەن؛ بەڵام زۆرێکیان بە یەک زمان دەخوێننەوە و دەنووسن. فرەزمانی سوودبەخشە بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت بەشداری بازرگانی و جیهانگیری و کراوەیی کەلتووری بکەن. بەهۆی ئاسانیی دەستڕاگەیشتن بە زانیارییەکان کە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە دابیندەکرێت، بەرکەوتنی تاکەکان بە زیاتر لە زمانێک بووەتە شتێکی پێویست. هەروەها ئەو کەسانەی کە بە چەند زمانێک قسە دەکەن پێیان دەوترێت فرە زمان.

**٢-٢/٢هۆکارەکانی فرەزمانی : -**

هۆکاری پەیوەندی ئازاد و کراوە لە نێوان گروپە نەتەوەییەکان بڵاوبوونەوەی فرەزمانەوانییە ، کە بریتییە لە بەکارهێنانی زیاتر لە زمانێک لەلایەن تاکێک یان کۆمەڵگەیەکەوە، هەندێک لە هۆکارەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فرە زمانی لە جیهانی ئێستادا بریتین لە کاریگەری داگیرکردن، کۆچی مرۆڤەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، هاوسەرگیری نێوان کەسانی گروپە زمانییە جیاوازەکان و هێنانەکایەی سیستەمی فێربوونی فرە زمان لە قوتابخانەکاندا. زمانەکان چۆن بڵاودەبنەوە و بۆچی زۆر زمان بوونیان هەیە؟ بریکارە ناسراوەکانی بڵاوبوونەوە بریتین لە شەڕ و کۆلۆنیالیزم، بەڵام کۆچ و نیشتەجێبوون، ئایین، میدیا و پێداویستییەکانی بازرگانی و بازرگانیش.

زمانەوانیئەنرۆپۆلۆجیای زمانی Linguistic Anthropology ئەنترۆپۆلۆژیای زمانی لقێکە لە ئەنترۆپۆلۆژیا کە سەرنج دەخاتە سەر لێکۆڵینەوە بەجۆرێك کە زمان چۆن کاریگەری لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی هەیە، لێکۆڵینەوە لەوە دەکات کە چۆن زمان پەیوەندی، ناسنامەی کۆمەڵایەتی، ئەندامێتی گروپ و بیروباوەڕی کولتووری لە قاڵبدەدات. بەو پێیەی مرۆڤەکان بە دەگمەن لە زمانی نەتەوەکانی تر تێدەگەن، ئەنترۆپۆلۆژیستەکان جیاوازی زمانیان بۆ پۆلێنکردنی نەتەوەکان بەکارهێناوە، بەڵام ئەمرۆ حاڵەتەکە گۆڕاوە کە بەهۆیەوە هاتنی لە گروپە نەتەوەیی و زمانییە جیاوازەکانەوە دەتوانێت بە ئاسانی پەیوەندی بکات، هۆکارەکانی فرە زمانەوانی چوار مەرج لەبەرچاو دەگرێت کە خزمەت بە بڵاوکردنەوەی زمانەکان دەکەن، ناساندن، بەردەوامبوون، دامەزراندنی و سوودمەندبوون(Singleton,2013 :98) :-

١-زمانێک بە ڕووداوێکی ،وەک کۆچکردن، کارەساتی سروشتی، یان کرانەوە بە شوێنێکی دیکە دەناسێنرێت.

٢- زمانەکە بەردەوامە بۆئەوەی زمانەکە بپارێزرێت.

٣- زمان لە زمانێکی زیادەوە دەگۆڕێت بۆ دامەزراندنی خۆی، وەک زمانی دایکیدانیشتووان.

٤- فێربوونی زمان ،وەک سوودێکی کۆمەڵایەتی سەیردەکرێت و دەرفەت و دەسەڵات و سەرچاوەی ماددی دەبەخشێت.

سەرەتا کۆلۆنیالیزم بەشدارییەکی زۆری کردووە لەو فرەزمانەوانییەی کە لە جیهانی ئێستادا گەواهیدەر دەبێت، لە سەردەمی کۆلۆنیالیزمدا وڵاتانی زلهێز لە ململانێدا بوون لەگەڵ دابەشکردنی جیهان بۆ وڵاتانی بچووکتر بۆ ئەوەی بتوانن حوکمڕانی بەسەریاندا بکەن و سەرچاوەکانیان بقۆزنەوە ، هێشتا کۆلۆنیەکان دەبوو لەگەڵ خەڵکی ڕەسەن بژین و بۆیە بڕیاریان دا زمانی بیانییان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فێر بکەن، لە ئەنجامدا خەڵکی ڕەسەن کۆتاییان هات بە فێربوونی زمانە نوێیەکان و بەکارهێنانیان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا، هەندێکیان سەرسام بوون بەو زمانە بیانیانەی کە فێری منداڵەکانیان دەکرد، جگە لەوەش هەندێک لە زلهێزە داگیرکەرەکان پاداشتی ئەو تاکە ڕەسەنانەیان دەدا کە دەیانتوانی بە زمانێکی بیانی بە شێوەیەکی ڕوان قسە بکەن( Aronin,2008 : 12-14 ).

جگە لەوەش، هاوسەرگیری نێوان کەسانی گروپە زمانە جیاوازەکان بەشداریکردووە لە بەکارهێنانی زیاتر لە زمانێک لە جیهاندا ، کاتێک ژن و مێردێک کە بە زمانێکی جیاواز قسە دەکەن پێکەوە دەجووڵێن، لە کۆتاییدا زمانەکانیان فێری یەکتر دەکەن. هەمان شت بەسەر نەوەکانیاندا دێت کە فێری هەردوو زمانی باوک و دایکی دەبن. لە جیهانی ئێستادا هاوسەرگیری نێوان کەسانی گروپە زمانە جیاوازەکان بووەتە شتێکی ئاسایی بە پێچەوانەی ڕابردوو کە هاوسەرگیری تەنها لە نەتەوەی مرۆڤدا سنووردار بووە. بەم شێوەیە هاوسەرگیری نێوان ڕەگەز و خێڵەکی بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی فرەزمانەوانی لە جیهانی ئێستادا( Bamgbose, 2002: 48).

کەواتە دەتوانین بڵێین، فرە زمانەوانی لەم سەردەمەدا بووەتە دابونەریتێک بە پێچەوانەی ڕابردوو کە مرۆڤەکان لە زمانی یەکەمی خۆیاندا سنووردار بوون. لەم حاڵەتەدا بە ئاسانی گەشتیان بۆ هەر کۆمەڵگەیەکیان کردووە بۆ لێکۆڵینەوە لە کەلتوورەکەیان لەبەر ئەوەی تەحەدای بەربەستی زمان چارەسەر کراوە.

**٣-٢/٢سوودەکانی فرەزمانی لە هەرێمی کوردستان**

ئێمە لە ڕێگای زمانەکەمانەوە دەناسرێینەوە دەزانرێت سەر بە کام نەتەوەین، زۆربەی وڵاتان فرە زمانین و زیاتر لە یەك زمان بوونی هەیە لە ناو وڵاتەکاندا،بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، زۆربەی وڵاتان زمانێك هە ڵدە بژێرن و دە یکەن بە زمانی فەرمی وڵاتەکە، بە شێك لە وڵاتانیش زیاتر لە زمانێك وەکو زمانی فەرمی وڵاتەکە بە کاردەهێنن، لە وڵاتی عێراقی فیدڕاڵدا لە پاڵ زمانی عە رەبی، کە زمانی زۆربە ی دانیشتوانی عێراقە، زمانەکانی کوردی و تورکمانی و سوریانی بوونیان هەیە،لە خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستاندا چەندین زمان بۆ خوێندن بەکاردێن، بەتایبەتی هەرسێ زمانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم فرەزمانییە لە خوێندندا دەکرێت وەکو هەڵێک سەیر بکرێت کە چەندین سوودی بۆ فێرخوازان هەیە، لەلایەکی دیکەوە دەکرێت وەکو بەرەنگارییەک سەیر بکرێت، کە لەوانەیە کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر زمانی دایک و فێرخوازان هەبێت. لەم وتارەدا هەوڵدەدەین هەردوو لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی فرەزمانی لە خوێندنی زانکۆییدا بخەینەڕوو(European, 2013: 78). ئەو وڵاتانەش کە چەندین زمان تێیاندا بەکاردێت لە ڕووی کەلتووری و ئابوورییەوە دەوڵەمەندتر دەبن،ئەو دەزگا و کۆمپانیانەی زیاتر لە زمانێک بەکاردەهێنن هەڵی دۆزینەوەی کار پەیوەندیکردن و مامەڵە و قازانجی زیاتریان هەیە، لە کۆنتێکستی لۆکاڵییەوە دەردەچن و ڕەهەندی نێودەوڵەتی وەردەگرن، هەروەها ئەو وڵاتانەش کە چەندین زمان تێیاندا بەکاردێت لە ڕووی کەلتووری و ئابوورییەوە دەوڵەمەندتر دەبن، خەڵکانێکی زۆر لە هەموو جیهانەوە بۆ بازرگانی و گەشتوگوزار ڕوویان تێدەکەن( MacSwan, J., 2017: 167).

کەواتە دەتوانین بڵێین لە سیستەمی خوێندنی باڵای زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە فرەزمانی پەیڕەودەکەن زمانی ئینگلیزی یەکێکە لەو زمانانەی کە لە خوێندنی زانکۆییدا بەکاردەهێنرێت. هەتا ئەو وڵاتانەش کە زۆر پارێزگارن و زمانی خۆیان لە هەموو زمانەکان پێ باشترە، ئێستا بە ناچاری بە لایەنی کەمەوە لە پرۆگرامەکانی دکتۆرا و ماستەردا زمانی ئینگلیزی بەکاردەهێنن. وڵاتێکی وەکو تورکیا کە پێشتر جگە لە زمانی تورکی هیچ زمانێکی دیکە لە خوێندن بەکارنەدەهات، هەنووکە لە زۆربەی زانکۆکانیدا پرۆگرامی دکتۆرا و ماستەر و هەندێکجار بەکالۆریۆسیش بە زمانی ئینگلیزی هەیە.

## ٣-ڕۆڵی فرەزمانی لە دۆزینەوەی هەڵیکار

### ٣/١-٣ فرەزمانی لە هەرێمی کوردستان

لە ئابووری جیهانگیری ئەمڕۆدا، فرەزمانەوانی وەک کارامەییەکی چارەنووسساز لە کەرتە جیاوازەکاندا سەریهەڵداوە، بەتایبەتی لەناو یەکێتی ئەوروپا ، ئەم بابەتە زانستییە شیکارییەکی گشتگیر لە پەیوەندی نێوان فرەزمانەوانی و بازاڕی هەڵیکار لە هەرێمی کوردستانی عێراق دەخاتە ڕوو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەیوەندی فرەلایەنەی نێوان فرەزمانەوانی و بازاڕی کار داوای شیکارییەکی گشتگیر بۆ ئاشکراکردن و کاریگەرییەکانی و بازاڕی کار. ئەم زانستییە بابەتەکە دەست دەکات بە گەشتێک بۆ پارچەکردنی ئەم یارییە ئاڵۆزە، ڕۆشنایی دەخاتە سەر ڕێگەی فرەچەشن کە توانای زمان کاریگەری لەسەر دیمەنی دامەزراندن هەیە، لە سەرانسەری وڵاتانی ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، بە قووڵبوونەوە لە بەڵگە ئەزموونییەکان، پشکنینی سیناریۆکانی جیهانی ڕاستەقینە، و بەدواداچوون بۆ ڕێبازەکانی سیاسەت، ئەم توێژینەوەیە ئامانجیەتی تێگەیشتنێکی گشتگیر لە پەیوەندی هاوژیانی نێوان فرەزمانەوانی و بازاڕی کاری یەکێتی ئەوروپا (Paulina , 2023 :4). گرنگی فرەزمانەوانی لە بازاڕی کاردا بەهۆی خێراییەوە جەختی لەسەر دەکرێتەوە جیهانگیری ئابوورییەکان و زیادبوونی پەیوەندییەکانی نێوان گەلان، وەکو بزنسەکان فراوانکردنی دەستڕاگەیشتنیان لە دەرەوەی سنوورە نیشتمانییەکان،ئەو کەسانەی کە خاوەنی توانای کاریگەرانە پەیوەندی لەگەڵ موشتەرییە جۆراوجۆرەکان بکەن، ژینگەکانی کارکردنی فرە کەلتووری بەڕێوەببەن و دانوستان بکەن لە سەرانسەری بەربەستە زمانەوانییەکاندا لە بازاڕی کاری کێبڕکێدا لە بەرژەوەندییەکی جیاوازدا وەستاون ، جگەلەوەش لە کاتێکدا یەکێتی ئەوروپا ناسنامەی خۆی وەک یەکەیەکی ئابووری و سیاسی یەکگرتوو دروستدەکات، ڕۆڵی سیاسەتی زمان و پەروەردەی زمان لە پەروەردەکردنی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و گەشەی ئابووری دەبێتە شتێکی سەرەکی بۆ هەموو وڵاتانی عەرەبی و ئەروپی( King and Carso, 2016: 123).

### ٢-٣/٣ لێکۆڵینەوەی مەیدانی

ئەم توێژینەوەیە کاریگەرییەکانی توانای فرەزمانە لەسەر هەلی دامەزراندن دەکۆڵێتەوە،پێشکەوتنی پیشەیی، و دەرئەنجامە ئابوورییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا. لێکۆڵینەوەکە لەوە دەکۆڵێتەوە ، کە تا چەند فرە زمانەوانی کاریگەری لەسەر دۆزینەوەی هەلیکاردا هەیە لە دیمەنێکی بازرگانیدا بە تایبەت لە کەرتی تایبەت ، کە بە نمونە هەر دوو کەرتی تایبەتی (کۆمپانیای کۆرەک ، بانکی نێودەوڵەتی جیهان، فامیلی مۆڵ ،کۆمپانیای گەشتیاری فلای ئەربیل )ە، کە هەرچی دامەزراندن لەم چوار کەرتە تا چەند پەیوەستە بە فرە زمانییەوە. لێکۆڵینەوەکە لە پەیوەندی نێوان

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


تواناكانی زمان و جێگیركردنی هەڵیكار، جیاوازی داهات، و ڕەزامەندی دامەزراندن لە كار،كە ڕۆشنایی دەخاتە سەر هەردوو سوودی تاكەكەسی و كۆمەڵایەتی هەمەجۆریی زمانەوانی. لەوەش زیاتر، بابەتەكە قووڵ دەبێتەوە لە كاریگەریی فرە زمانەوانی لەسەر پیشەسازییە تایبەتەكانی وەك: گەشتیاری، بازرگانی نێودەوڵەتی و كۆمپانیا پەیوەندی و گەیاندن و ئاڵگۆڕی دراو بانكی نێو دەوڵەتی لە شاری هەولێری پایەختی هەرێمی كوردستانی عێراقدا ، جەخت لەسەر سوودە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەكان دەكاتەوە بۆ ئەو بازرگانیانەی كە لە بازاڕە زمانەوانییە جیاوازەكاندا كاردەكەن..ئەم هەڵسەنگاندنە لە دوو باس ڕووندەكەینەوە:-

**باسی یەكەم //خستنەڕووی زانیارییە گشتییەكانی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەكە:-**

خستنەڕوو و شیكردنەوەی زانیارییە گشتییەكان لەبارەی تاكەكانی كۆمەڵگەی كوردییەوە نمونەی توێژنەوەكە هەنگاوێكی گرنگ و سەرەكییە لە لایەنی مەیدانییەوە، بەو هۆیەوە خەسڵەت و تایبەتمەندییەكانی نمونەی توێژینەوەكە دەخرێنەڕوو، كە كاریگەریان لەسەر ئەنجامی توێژینەوەكە دەبێت. زانیارییە گشتییەكان ئەو گۆڕاوانەن كە گوزارشت لە بارودۆخی تاكەكانی نمونەكە دەكەن، خۆی لە هەندێك گۆڕاوی پەروەردەی زمان، ڕۆڵی سیاسەتەكانی زمان لە داڕشتنی داینامیكی بازاڕی هەڵیكار ...هتد دەبینێتەوە، كە بریتیین لەمانە:

١-ڕەگەز: ڕەگەز گۆڕاوێكی گرنگە و كاریگەریی خۆی لەسەر وەڵامدانەوەی پرسیارەكانی توێژینەوەكە و پێدانی زانیاریەكان لەلایەن تاكەكانەوە هەیە، هەروەها كاریگەری لەسەر بۆچوونی جیاواز لای تاكەكان دەبێت سەبارەت بە بابەتی توێژینەوەكە بەهۆی جیاوازی پێكهاتەی بایلۆژی و كۆمەڵایەتی و دەروونی لە هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ)دا.لە چارتی ژمارە (١)دا دەردەكەوێت، بە ڕێژەی (٤٦%) ڕەگەزی نێرە و بە ڕێژەی (٥٤%) لە ڕەگەزی مێ كە قەبارەی نمونەی توێژینەوەكەیان پێكهێناوە ڕەنگی سوور ڕەگەزی مێ و ڕەنگی شین ڕەگەزی نێر ڕووندەكاتەوە، ئەگەرچی ڕێژەی هەردوو ڕەگەزی نمونەكە وەك یەك نییە و جیاوازییان هەیە، دەتوانین جیاوازیەكە لە وێنەی چارت بەبینین، كەوا ڕێژەی ڕەگەزی مێ زیاترە لە ڕێژەی ڕەگەزی نێر دامەزراون لە كەرتی تایبەتدا.


گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




وێنەی چارتی ڕەگەز ژمارە (١)

٢- تەمەن: تەمەن وەك گۆڕاوێکی تر دەکرێ سەبارەت بە هەندێ پرس و بابەت گرنگی خۆی هەبێت، لەکاتی دامەزران، لە کەرتی تایبەتدا ،لەبەرئەوەی مرۆڤەکان لە قۆناغەکانی گەورەبوونی تەمەنیان توانای کارکردن و چالاکییان لە دەستدەدن.

لە چارتی ژمارە (٢)دا ڕوونبۆتەوە، تەمەنی تاکەکانی نمونەکە بەسەر پێنج کۆمەڵەی تەمەن دابەشبووە، بەم شێوەیە: بە ڕێژەی (%٦٤) لە کۆمەڵەی تەمەن (١٨-٢٥) ساڵیدان، و بە ڕێژەی (%١٦.١٧) لە کۆمەڵەی تەمەن (٢٦-٣٣) ساڵیدان، و بە ڕێژەی (%١٣) لە کۆمەڵەی تەمەن (٣٤-٤٤) ساڵیدان، هەروەها بە ڕێژەی (%٦) لە کۆمەڵەی تەمەن (٤٤-٥٤) ساڵیدان، و بە ڕێژەی (%٤) لە کۆمەڵەی تەمەن (٥٥-٦٥) ساڵیدان. ئەوەی لەم چارتەدا تێبینی دەکرێت دابەشبوونی نمونەی توێژینەوەکە زۆرینەی لە توێژی پێگەیشتوون و دەکەونە کۆمەڵەی تەمەن (١٨-٢٥) و (٢٦-٣٣) ساڵی. بۆ زیاتر ڕوونبوونەوە لەم چارتە ئاستی تەمەنە جیاوازەکان دیاریدەکەین:




گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەلەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وێنەی چارتی تەمەن ژمارە (٢)

٣- شوێنی کار:لەچارتی ژمارە (٣) ئەوە روونکراوەتەوە کە لە بنەڕەتدا تاکەکانی نمونەکە لە هەریەك لە شوێنی کۆمپانیای جیاواز کاردەکەن. بەمەش زانیاریی زیاترمان دەستدەکەوێت سەبارەت بەو باگراوندە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتووری و مەعریفییەیی و پەروەردەی زمانزانی و شارەزابوونیان لە فرە زمانیدا، کە تاکەکان لەسەری پێگەیشتوون.

ئەم چارتە ئەوە دەردەخات، کە زۆرینەی نمونەکە بە ڕێژەی سەدی(٤١%) لە بانکی نێودەوڵەتی جیهاندا، بە ڕێژەی سەدی(٣٨.٧%) لە کۆمپانیای کۆرەکە کە کۆمپانیای گەیاندن و پەیوەندیکردنە، هەروەها بە ڕێژەی (٣٨.٧%) لە کۆمپانیای گەشتوگوزاری فلای ئەربیلە، کەچی بە ڕێژەی سەدی (١٤.٩%) بازاری فامیلی مۆلە. لەم چارتە جیاوازی ڕێژەیی شوێنی کارکردن زیاتر روونەبێتەوە:





وێنەی چارتی شوێنی کار ژمارە (٣)

لەم چارتە بۆمان روونەبێتەوە، کە ڕێژەی سەدی شوێنی کارکردنی و دامەزراندن لە کەرتی تایبەت ، لە کۆمپانیای فلای ئەربیل و کۆرەک یەکسانن، کە بە رەنگی شینی کاربۆنی و سوور رەنگکراون، بەڵام زۆرترین ڕێژەی سەدی دامەزراندن لە بانکی نێودەوڵەتی جیهاندایە کە بە ڕەنگی مۆر دیارکراوە.هەروەها کەمترین هەڵیکار لە بازاری فامیلی مۆڵ تۆمارکراوە، کە بە رەنگی سەوزی کاڵ دیاریکراوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٤- ئاستی خوێندن: ئەم گۆڕاوە کاریگەری لەسەر زانیاری و داتاکان هەیە، دەشێت بڵێین ئاستی خوێندەواری و رۆشنبیری چەند بەرزتر بێت، هەڵی دۆزینەوەی کار لە کەرتی تایبەتدا ئاسانتر بێت بە هۆی شارەزایی لە زمانەوانیی و فرە زمانییدا. ئاستی خوێندەواری تاکەکانی نمونەکە لە چارتی ژمارە (٤) ڕوونکراوەتەوە ، ئاستی خوێندەواری تاکەکانی نمونەکە قۆناغەکانی نەخوێندەوار و خوێندەوار بەدەستهێنانی بڕوانامە ڕووندەکاتەوە، کە تەنها بە ڕێژەی سەدی (%٢.٣)ی نمونەکە لە قۆناغی ناوەندیدابوون و بێ بڕوانامەن لە کەرتی تایبەتدا کاردەکەن، بەڵام گشت تاکەکانی تر بەپێی ئاستی جیاوازی خوێندن و بڕوانامەکانیان بۆ ئاستەکانی تر دابەشدەبن، بەم شێوەیە: بەرێژەی (%٢١.١٢) تاکەکان خوێندکاری قۆناغەکانی زانکۆن لە زانکۆکانی کوردستاندا، لە کەرتی تایبەت دەست بەکاربوون، ئەو تاکانەی کەوا بڕوانامەی ئەکادیمییان دبلۆمی باڵایە بە ڕێژەی سەدی (%٣٨)نمونەی توێژەکەی پێکهێناوە، هەروەها بە ڕێژەی (%٤١)ی تاکەکان بڕوانامەی بەکالۆریوسیان هەیە دامەزراون لە کەرتی تایبەتدا، و بە ڕێژەی (%٤٢) خاوەن بڕوانامەی ماستەرن. لەم چارتە زیاتر جیاوازییە گەورەکە بە دەردەکەوێت هەریەکەیان بە ڕەنگی جیاواز دیاریکراون:




وێنەی چارتی ئاستی خوێندن ژمارە (٤)

**باسی دووەم// خستنەڕووی زانیارییە تایبەتییەکانی توێژینەوەکە بەپێی وەڵامدانەوە هەر دە پرسیاری تایبەت بە فۆرمی ڕاپرسییەکە و ئەنجامەکان بەم خشتەیە ڕووندەکرێتەوە:**

بۆ شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی زانیارییە تایبەتییەکانی توێژینەوەکە و گەیشتن بە ئامانجەکان، بە پشت بەستن بە یاسای (spss)وە، هەروەها بۆ بڕیاردان لەسەر بایەخ و هێزی ئەنجامی پرسیارەکان ، یان بڕگەکان بەپێی ژمارەی جێگرەوەکان (بدائل) بووە، بەم شێوەیە:

١- ئامانجی یەکەمی توێژینەوەکە بریتییە لە (گرینگی زمانزانیین و پەیوەندی بە مەرجەکانی دامەزراند لە کەرتی تایبەتدا)، بۆ گەیشتن بەو ئامانجە ڕاپرسییەک ئاڕاستەی تاکە دامەزراوەکانی ناو کەرتی تایبەتی نمونەی توێژەکەکراوە ،وەک (ئاماژەپێکراو خشتەکە، کە پرسیاری یەکەم و دووەم ) دەگرێتەوە، بەم جۆرەیە:-

بەپێی شیکردنەوەی دیدو بۆچوونی تاکەکانی نمونەکە سەبارەت بە هەر یەکێك لە بڕگەکانی ئەم خشتەیە بەم شێوەیە دەخەینەڕوو: لە پرسیاری یەکەمدا ، زۆربەی تاکەکانی نمونەکە ، بە ڕێژەی سەدی (٩٦.٨)ە، زۆر لەگەڵ ئەوەدان، کە زمانزانین مەرجێکە لە مەرجەکانی دامەزراندن لە کەرتی تایبەت، هەروەها لە پرسیاری دووەمدا وەڵامی نمونەی توێژەکە بەم جۆرەبوو: بەرزترین ڕێژەی سەدی (%٨٩.٧) تۆمارکراوە ،بۆ ئەوانەی زۆر لەگەڵ ئەوەدان، کە هەبوونی شارەزای لە فرەزمانی بێجگە لە زانینی زمانی دایک ،مەرجێکی ترە بۆ دادەمەزراندن لە کەرتی تایبەت ئەگەر بڕوانامەش نەبێت و دەرچووی زانکۆ پەیمانگا نەبێت.

کەواتە دەتوانین بڵێین ئەنجامی بڕگەی یەکەم ، کە تایبەت بوو بە، گرینگی زمانزانین و پەیوەندی بە مەرجەکانی دامەزراند لە کەرتی تایبەتدا، دەردەکەوێت لە هەر چوار نمونەی توێژەکە ، مەبەستمان لە هەر یەک لە، (کۆمپانیای گەشتوگوزاری فلای ئەربیل،بانکی نێودەوڵەتی جیهان، بازاری فامیلی مۆڵ ،کۆمپانیای پەیوەندی وگەیاندنی کۆڕەک)، شارەزابوون لە زمانزانین و فرە زمانی بە یەکێک لە مەرجە گرینگەکان هەژماردەکەن لە فۆرمی دامەزراندن بۆ گەنجان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، کەواتە گەنجان ئەگەر لە قۆناغەکانی خوێندندابن ، یان وازیان لە خوێندن هێنا بێت بە هەر هۆکارێک بێت،بۆ دەسکەوتی هەڵیکار لە کەرتی تایبەتدا پێویستە شارەزاییان لە زمان و زمانەوانی هەبێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٢- ئامانجی دووەمی توێژەکە بریتییە لە : (دامەزراندن بۆ ناسنامەی بییانی ،مەرجی زانینی زمانی دایک و هەبوونی بڕوانامەی زمانی بیانی بۆ دەسکەوتی هەڵیکار لە کەرتی تایبەتدا)،کە پرسیارەکانی سێیەم و چوارەم و پێنجەم و شەشەمی ئەم بڕگەیە کراوەتە ئامانجی دووەم، وەک لە خشتەی ژمارە(١) ڕوونکراوەتەوە، سەبارەت بە پرسیاری سێیەم:بەرزترین ڕێژەی سەدی (٩٣.٦%)دا، هەرگیز لەگەڵ ئەوەدانین دەسکەوتی هەڵیکار و دامەزراندن بۆ ناسنامەی بییانی شیاوتر بێت. هەروەها ئەنجامەکانی پرسیاری چوارەم بەم شێوەیە بوو: بەرزترین ڕێژەی سەدی(٩٤.٨%) تۆمارکراوە، کە ئەوانەی زۆر لەگەڵ ئەوەدان بۆ دەسکەوتی کار لە کەرتی تایبەتدا، پێویستە شارەزای تەواو هەبێت لە زمانی کوردی ، کە لێرەدا مەبەستمان زمانی دایکە ، چونکە ئامانجی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەمان سەبارەت بە دۆزینەوەی هەڵیکارە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، وەک دەزانرێت زمانی یەکەمی نووسین و خوێندنی  هەرێمی کوردستان بریتییە لە زمانی کوردی کە بەزمانی دایک ناسراوە،بەڵام ئەوەی جێگای دڵخۆشییە بۆ یەکێک لەم چوار نمونەی توێژەکە، کۆمپانیای گەشتوگوزاری فڵای ئەربیلە،کە بە کردار سەلماندویانە گرینگییەکی یەکجار زۆری داوە بە زمانی ڕەسەنی کوردی ، ئەمەیش بە دانانی ئەو کارمەندانەی کە لە ناو فرۆکەکانی هێڵی ئاسمانی فڵای ئەربیل ،هەموو کارمەندەکان کوردن و بە زمانی شیرینی کوردی لەگەڵ سەرنشینەکانی ناو فرۆکە دەدوێن، وەدەزانرێت کە هێڵی ئاسمانی فڵای ئەربیل هێڵێکی نیودەوڵەتییە بۆ هەموو وڵاتان گەشت دەکات. سەبارەت بە پرسیارەکانی پێنجەم و شەشەمی ئەم بڕگەیە ئەنجامەکانیان لە یەک نزیک و هاوتای یەکن ، کە بەرزترین ڕیژەی سەدی یە ک بە دوای یەکی(٨٠.٨%)،(٨٠.٩%) تۆمارکراون، ئەوانەن کە هەبوونی شارەزایی ، یان بڕوانامە لە زمانە بییانییەکانی، وەک زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی بە پێویستی دەزانن بۆ دەسکەوتی هەڵیکار لە کەرتی تایبەتدا،هەر وەک دەزانرێت هەرێمی کوردستان بەشێکە لە وڵاتی عێراق، بۆیە زمانی عەرەبی گرینگی تەواوی پێدراوە چەندین خوێندنگاو پەیمانگامان هەیە بە زمانی عەرەبی.

٣- ئامانجی سێیەمی توێژەکە بریتییە لە: (هۆکاری ڕەتکردنەوەی سیڤی-CV- پێشکەکەشکار لەکاتی پێشکەشکردنی هەڵیکاردا)،پرسیارەکانی ئەم بڕگەیە جەخت لەسەر کێشەکانی نەبوونی دامەزراندن بۆ گەنجان لە کەرتی تایبەت دەکاتەوە. لەم بڕگەیە مەبەستمان پرسیارەکانی حەوتەم و نۆیەم و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەیەمی نمونەی ڕاپرسییەکەیە، کە لە خشتەی ژمارە(١) ئاماژەپێکراوە، لە پرسیاری حەوتی نمونەی توێژەکەدا، بەرزترین ڕێژەی سەدی(٩٣.٦%) تۆمارکراوە ، کە ئەوانەی هەرگیز لەگەڵ ئەوەدانین بڕوانامەی شارەزایی زمانی بیيانیت نەبێت دابەمەزرێت لە کەرتی تایبەتدا.سەبارەت بە پرسیاری نۆیەم ، بەرزترین ڕێژەی سەدی(٩٨.٥) تۆمارکراوە، ئەوانەن زۆر لەگەڵ ئەوەدان کە دوورخراوەتنەوە لە کارەکانیان بە هۆی شارەزانەبوونیان لە فرەزمانی ، هەرچی ئەنجامەکانی پرسیاری دەیەمە ، بەم جۆرەیە بەرزترین ڕێژەی سەدی(٩٦.٨%) تۆمارکراوبوو ، کە ئەوانەن زۆر لەگەڵ ئەوەدان لە کاتی پێشکەشکردنی سیڤیەکانیان بە هۆی نەبوونی بڕوانامەی شارەزابوون لە فرەزمانی ڕەتکراوەتەوە وەرنەگیراون لە کار لە کەرتی تایبەتدا.

کەواتە لەم بڕگەیەش دەگەین بەو ئەنجامەی کە هۆکاری سەرەکی قەیرانی بێکاری و دانەمەزراندنی گەنجان لە کەرتی تایبەتدا پەیوەستە بە شارەزانەبوونیان  زیاتر لە زمانێکە جگە لە زمانی دایک ، هەروەک  یەکێک لەمەرجەکانی دامەزراندن لە بانکی نێودەوڵەتی جیهان و بازاری فامیلی مۆڵ بریتی بوو، لە شارازابوون لە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.واتە فرەزمانی ڕۆڵێکی فراوان دەبینێت لە دۆزینەوەی هەلیکار لە قەوارەی هەرێمی کوردستانی عێراقدا.هەر بۆیەش دەبینرێت لە زۆربەی خواردنگە و هۆتێل و مارکێت و مۆڵەکان و زۆر شوێنی تری کەرتی تایبەت کەسانی خاوەن ڕەگەزنامەی بیانی دامەزراون لە کار.

٤- کۆتا ئامانجی ئەم توێژە بریتییە لە (کاریگەری فرە زمانی و دیاریکردنی ئاستی مووچەی فەرمانبەر لە کەرتی تایبەتدا) ،بۆ ئەم بڕگەیەش پرسیاری ژمارە هەشتمان ئاڕاستەی توێژەکان کرد ئەنجامەکەیان بەم جۆرە بوو: بەرزترین ڕیژەی سەدی (٩٨.٥%) تۆمارکراوبوو، کە ئەوانەی زۆر لەگەڵ ئەوەدان شارەزابوون لە فرەزمانی مووچەکانیان زیاتر دەبێت لە چاو ئەوانەی کە گرینگیان نەداوە بە زیاتر لە زمانێک و تەنها شارەزاییان لە یەک زمان هەیە.

کەواتە کۆتا ئامانج دەردەخات بەرزی ڕیژەی مووچەی فەرمانبەران لە کەرتی تایبەت بەندە بە شارەزابوون بە فرەزمانی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| ژ.پ | پرسیار | زۆر لەگەڵیدام | | دڵنیانیم | | هەرگیز لەگەڵیدانیم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| ١ | ئایا زمان زانین مەرجێکە لە مەرجەکانی دامەزراندن لە کەرتی تایبەت؟ | ٣٧ | ٩٦.٨ | ١ | ٠.٥ | ٢ | ٨.٥ |
| ٣ | ئایا هەبوونی شارەزایت لە فرەزمانی جگە زانینی زمانی دایک ،دادەمەزرێت لە کەرتی تایبەت ئەگەر بڕوانامەش نەبێت و دەرچووی زانکۆ پەیمانگا نەبێت؟ | ٣٤ | ٨٩.٧ | ٢ | ٨.٥ | ٤ | ١٦.٨ |
| ٣ | دامەزراندن بۆ کەسانی خاوەن ناسنامەی و بیانین گونجاوترە. | ٣ | ١١.٣ | ١ | ٠.٥ | ٣٦ | ٩٣.٦ |
| ٤ | لە کاتی دامەزراندن لە کەرتی تایبەت پێویستە لە زمانی کوردی شارەزایت هەبێت لە ڕووی خوێندن و نووسینەوە. | ٣٥ | ٩٤.٨ | ١ | ٠.٥ | ٤ | ١٦.٨ |
| ٥ | یەکێک لە مەرجەگرینگەکانی دامەزراندن لە کەرتی تایبەت زانینی زمانی ئینگلیزییە. | ٢٢ | ٨٠.٨ | ٢ | ٨.٥ | ١٤ | ٢٨.٨ |
| ٦ | یەکێک لە مەرجەگرینگەکانی دامەزراندن لە کەرتی تایبەت زانینی زمانی عەرەبییە. | ٢٢ | ٨٠.٩ | ٣ | ١١ | ١٥ | ٢٩ |
| ٧ | ئایا دەرچووی زانکۆکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ، بێ بوونی بڕوانامەی زمانی بیانی وەک ئینگلیزی یا عەرەبی یا تورکی ، ناتوانن دابمەزرێن؟ | ١ | ٠.٥ | ٣ | ٩.٤ | ٣٦ | ٩٣.٦ |

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٨ | ئایا بوونی شارەزای زیاتر لە فرەزمانی هۆکارە بۆ بەرزی رێژەی مووچەت لە کەرتی تایبەت؟ | ٣٨ | ٩٨.٥ | ١ | ٠.٥ | ١ | ٠.٥ |
| ٩ | ئایا شارەزا نەبوون لە فرەزمانی بۆتە هۆکاری دوورخستنەوەت لە کار ؟ | ٣٨ | ٩٨.٥ | ١ | ٠.٥ | ١ | ٠.٥ |
| ١٠ | ئایا پێش ئەوەی فێری زمانی بیانی بەبیت ، کاتی cv پێشکەشی کۆمپانیاکان کردووە ، cvیەکەت بە هۆی نەزانینی زمانی بیانی وەرنەگیرا بێت؟ | ٣٧ | ٩٦.٨ | - | - | ٣ | ١١.٣ |
| | کۆی گشتی | ٢٦٧ | ٧٤٨.٨ | ١٥ | ٣٩.٩ | ١١٦ | ٢٩٩.٤ |

خشەی ژمارە (١) ئەنجامی راپرسییەکە

## ئەنجام

١- دەردەکەوێت، رەگەزی مێ لە کەرتی تایبەت دامەزراون،کە بە رێژەی (%٥٤) یە،جیاواز لە رەگەزی نێر بە رێژەی (%٤٦) یە کەمتر دامەزراون لە کەرتی تایبەتدا.

٢-دەرکەوت شارەزابوون لە زمانزانین و فرەزمانی بە یەکێک لە مەرجە گرینگەکان هەژماردەکەن لە فۆرمی دامەزراندن بۆ گەنجان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، کە بە رێژەی سەدی (٩٦.٨) وەڵامەکانیان بۆ ئەم مەرجە ئەرێنی بوو.

٣-دەرکەوت شارەزایی لە زمانی دایک بە مەرجێکی سەرەکیی دادەنرێت لە کەرتی تایبەتدا کە بەرێژەی سەدی (%٩٤.٨) ئەنجامی ئەرێنی هەبوو بۆ ئەم مەرجە ، هەروەها ئەنجامی ریژەی بەرزی برگەکە ئامازەیە بۆ گرینگیدان بە زمانی بییانی بە تایبەت زمانی عەربی بە رێژەی سەدی (%٨٠.٨)، زمانی ئینگلیزی بە رێژەی سەدی(%٨٠.٩) ئەنجامی وەڵامی ئەرێنی، کە دەکاتە مەرجێکی تری گرینگ لە کاتی دامەزراندن بۆ خوازیارانی دەسکەوتی کار لە کەرتی تایبەتدا.

٤-دەرکەوت یەکێکیتر لە هۆکارەکانی قەیرانی بێکاری و دانەمەزراندنی گەنجان لە کەرتی تایبەتدا پەیوەستە بە شارەزانەبوونیان زیاتر لە زمانێکە جگە لە زمانی دایک ، هەروەک یەکێک لەمەرجەکانی دامەزراندن لە بانکی نێودەوڵەتی جیهان و بازاری فامیلی مۆڵ بریتی بوو، لە

شارازابوون لە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.واتە فرە زمانی ڕۆڵێکی فراوان دەبینێت لە دۆزینەوەی هەڵیکار لە قەوارەی هەرێمی کوردستانی عێراقدا بەو ئەنجامەی کە لە ئامانجی سێیەمی ڕاپرسییەکە بە دەست هات بە ڕیژەی سەدی(٩٨.٥%)بوو.

٥-دەرکەوت بەرزی ڕیژەی مووچەی فەرمانبەران لە کەرتی تایبەت بەندە بە شارەزابوون بە فرەزمانی، بۆ ئەم ئەنجامەش ڕیژەی سەدی (٩٨.٥%) وەڵامەکانیان ئەرێنی بوو .

## سەرچاوەکان

### یەکەم/ بە زمانی کوردی:

١-دزەیی، عبدوالواحید موشیر،(٢٠٢١)،زمانەوانی گشتی،بەشی زمانی کوردی-کۆلیژی زمان – زانکۆی سەلاحەددین،چ١،هەولێر.

٢-شێخ طیب، شەهاب،(٢٠١٣)،چەند تیشکێک بۆ سەر لێکۆڵینەوە زمانەوانییە هاوچەرخەکان،چاپخانەی شەهید ئازاد، کەرکوک.

٣-ناوخۆش، سەلام، نەریمان خۆشناو،(٢٠١٠)، زمانەوانی بەرگەکانی چوارەم و پێنجەم و شەشەم و حەوتەم،چ١،چاپخانەی منارە، هەولێر.

### دووەم/ بە زمانی عەرەبی:

١- أزال ،معاذ، (٢٠١٥)، مرايا اللغة في كنف التدريس:١٦٨، مجلة مدارات تربوية العدد:١.

٢- الفهري ،عبد القادر الفاسي ،(٢٠٠٣)،اللغة والبيئة صدر ،الكتاب عن منشورات الزمن .

### سێیەم/ بە زمانی ئینگلیزی:

1-Aronin, Larissa, and David Singleton.(2008), “Multilingualism as a new linguistic dispensation.” *International Journal of Multilingualism* 5.

2-Bamgbose, Ayo.(2002), “Pride and prejudice in multilingualism and development.” *African languages, development, and the state*. Routledge.

3-European Commission. (2013), European higher education- in the world. Communication with the European Parliament, the Council, the European Economic and Social Committee, and the Committee of the Regions.
4-European Commission .(2017), Multilingualism in the European Union. https://ec.europa.eu/ info/strategy/priorities-2019-2024/europe-fit-digital-age/multilingualism-european-union_en .

5-Kennison ،Shelia M. (2013), Introduction to language development. Los Angeles: SAGE Publications. ISBN:978-1-4129-9606-8. OCLC:830837502.

6-King and Carso. (2016), The Multilingual City, Vitality, Conflict and Change, Multilingual Matters, Bristol.
7-MacSwan, J. (2017), A multilingual perspective on translanguaging. American Educational Research Journal 54.
8-Paulina Pietrzyk-Kowalec, (2023), Multilingualism and the Job Market in the European Union: A Comprehensive Analysis, WSB Merito, Warsaw, Poland. Proceedings of the World Conference on Education and Teaching,Vol. 2, Issue. 1, 2023, pp. 1-8.DOI: https://doi.org/10.33422/etconf.v2i1.71.ISSN: 2783-7807.

8-Singleton, David, et al.(2013), eds. *Current multilingualism: A new linguistic dispensation*. Vol. 102. Walter de Gruyter.

پاشکۆکان

١- چاویکەوتنم لەگەل بەڕێوەبەری کۆمپانیای گەشتیاری فلّای ئەربیل، هەولێر،٢٠٢٤/١/٢٨

٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەریوەبەری بانکی نێو دەوڵەتی جیهان ، هەولێر، ڕێکەوتی،٢٠٢٤/٢/١٠

٣- چاوپێکەوتنم لەگەڵ بەریوەبەرایەتی بەشی بەڕیوەبەرایەتی فرۆشتن لە فامیلی مۆڵ، هەولێر، ڕێکەوتی، ٢٠٢٤/٣/٤.

٤- چاویکەوتنم لەگەل بەڕێوەبەری کۆمپانیای کۆرەک، هەولێر،٢٠٢٤/٣/٧

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی — ژمارەی فۆرم:()
زانکۆی کۆیە - فاکەڵتی پەروەردە — بەروار:
بەشی زمانی کوردی

فۆرمی راپرسی

من وەک مامۆستایەکی لە زانکۆی کۆیە – فاکەڵتی پەروەردە –بەشی زمانی کوردی ،بە ئەنجامی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستیم ، بە ناونیشانی(ڕۆڵی فرەزمانی لە دۆزینەوەی هەلیکار لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا )، وەڵامەکانی ئیوە ڕۆڵێکی گەورەی دەبیت لە تەواوکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە، ئەوزانیاریانەی کە لێرەدا هەیە تنەها بۆ ئەنجامی زانستی بەکاردێت.

فۆرمی راپرسی سەبارەت بە ئەنجامدانی ڕۆڵی فرەزمانی ...

ڕەگەز: نێر ، مێ

تەمەن: پیشە: شوێنی نیشتەجێبوون: شوێنی کارکردن:

تکایە هێمای (√) بۆ یەکێک لە وەڵامە ڕاستەکان هەڵبژێرە:

١- ئایا زمان زانین مەرجێکە لە مەرجەکانی دامەزراندن لە کەرتی تایبەت؟

| زۆر لەگەڵیدام | | دڵنیانیم | | هەرگیز لەگەڵیدانیم | |
|---|---|---|---|---|---|

٢- ئایا هەبوونی شارەزایت لە فرەزمانی جگە زانینی زمانی دایک ،دادەمەزرێت لە کەرتی تایبەت ئەگەر بڕوانامەش نەبێت و دەرچووی زانکۆ پەیمانگا نەبێت؟

| زۆر لەگەڵیدام | | دڵنیانیم | | هەرگیز لەگەڵیدانیم | |
|---|---|---|---|---|---|

٣- دامەزراندن بۆ کەسانی خاوەن ناسنامەی و بیانین گونجاوترە.

| زۆر لەگەڵیدام | | دڵنیانیم | | هەرگیز لەگەڵیدانیم | |
|---|---|---|---|---|---|

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٤- لە کاتی دامەزراندن لە کەرتی تایبەت پێویستە لە زمانی کوردی شارەزایت هەبێت لە ڕووی خوێندن و نووسینەوە.

| زۆر لەگەڵیدام | | دڵنیانیم | | هەرگیز لەگەڵیدانیم | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

٥- یەکێک لە مەرجەگرینگەکانی دامەزراندن لە کەرتی تایبەت زانینی زمانی ئینگلیزییە.

| زۆر لەگەڵیدام | | دڵنیانیم | | هەرگیز لەگەڵیدانیم | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

٦- یەکێک لە مەرجەگرینگەکانی دامەزراندن لە کەرتی تایبەت زانینی زمانی عەرەبییە.

| زۆر لەگەڵیدام | | دڵنیانیم | | هەرگیز لەگەڵیدانیم | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

٧- ئایا دەرچووی زانکۆکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ، بێ بوونی بڕوانامەی زمانی بیانی وەک ئینگلیزی یا عەرەبی یا توركی ، ناتوانن دابمەزرێن؟

| زۆر لەگەڵیدام | | دڵنیانیم | | هەرگیز لەگەڵیدانیم | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

٨- ئایا بوونی شارەزای زیاتر لە فرەزمانی هۆکارە بۆ بەرزی ڕێژەی مووچە لە کەرتی تایبەت؟

| زۆر لەگەڵیدام | | دڵنیانیم | | هەرگیز لەگەڵیدانیم | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

٩- ئایا شارەزا نەبوون لە فرەزمانی بۆتە هۆکاری دوورخستنەوەت لە کار ؟

| زۆر لەگەڵیدام | | دڵنیانیم | | هەرگیز لەگەڵیدانیم | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

١٠- ئایا پێش ئەوەی فێری زمانی بیانی بەبیت ، کاتی CV پێشکەشی کۆمپانیاکان کردووە ، CVیەکەت بە هۆی نەزانینی زمانی بیانی وەرنەگیرا بێت؟

| زۆر لەگەڵیدام | | دڵنیانیم | | هەرگیز لەگەڵیدانیم | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی　　　　زمارەی فۆرم:()

زانکۆی کۆیە ـ فاکەڵتی پەروەردە　　　　بەروار:

بەشی زمانی کوردی

فۆرمی هەڵسەنگاندنی شارەزایان

مامۆستای بەرێز........

ئەم فۆرمەت لەبەردەستدایە کۆمەڵێک پرسیار لە خۆ دەگرێت سەبارەت بە (**ڕۆڵی فرەزمانی لە دۆزینەوەی هەڵیکار لە هەرێمی کوردستانی عێراقد**)، توێژینەوەیەکی مەیدانییە داوا لە بەڕێزتان دەکەین ، کە پرسیارەکان هەڵبسەنگێنن، هاوکاریتان جێگای ڕێز و سوپاسە.

| ز | ناوی سیانی مامۆستا و نازناوی زانستی | شوێنی کارکردن | پسپۆر | واژوو |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پ.د. یوسف شەریف مسعود | زانکۆی سەلاحەددین | زمانەوانی کارەکی | |
| ٢ | پ.د. عەبدولواحید مشیر دزەیی | زانکۆی سەلاحەددین | زمانەوانیی دەروونی | |
| ٣ | پ.د. شێرزاد سەبری عەلی | زانکۆی دهۆک | زمانەوانیی دەروونی | |
| ٤ | پ.د. بەدرخان مستەفا ئیبراهیم | زانکۆی کۆیە | دەروونناس | |
| ٥ | پ.د. دەروون عبدالرحمن صالح | زانکۆی سلێمانی | زمانەوانیی دەروونی | |
| ٦ | پ.د. خالد ئیسماعیل مستەفا | زانکۆی کۆیە | دەروونناس | |
| ٧ | پ.ی.د. جوان نوری رسول | زانکۆی کۆیە | دەروونناس | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# The role of Multilingualism in Finding Employment in the Iraqi Kurdistan Region

**Tara Mushir Salih**
Kurdish Department, College of Education, Koya University, Kurdistan region, Iraq.
Email: tara.salih@koyauniversity.org

***Keywords:*** *Language skills, Employment, Kurdistan Region, Multilingualism, Labor market*

## Abstract:

Multilingualism means that someone speaks more than two or three languages other than their mother tongue. The Kurdistan Region needs a language management policy and plan. As a multicultural and multilingual region, English and Arabic are also used in most schools, universities, colleges, and institutes, except for some schools for religious and ethnic minorities such as Assyrian and Turkmen Turkmen are used for education, which requires good governance to protect the rights of all religions and ethnic groups in Kurdistan while protecting the Kurdish language, which is one of the most important factors of national identity That the Kurdish people can benefit from it and keep up with the procession of globalization, progress, science and technology.

This research is entitled (The Role of Multilingualism in Job Search in the Iraqi Kurdistan Region).

The research consists of two parts: introduction, content, results, and sources. In addition, the abstract is written in both Arabic and English.

The first part is entitled (Multilingualism and its benefits), which includes the following topics: the concept and definition of multilingualism, the reasons for multilingualism, the benefits of multilingualism in the Kurdistan Region.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

The second part is entitled (The Role of Multilingualism in Finding Jobs), which includes the following topics: multilingualism in the Kurdistan Region, and field research.

## دور التعدد اللغوي في إيجاد فرص العمل في إقليم كردستان العراق

**ملخص:**
تعدد اللغات يعني أن الشخص يتحدث أكثر من لغتين أو ثلاث لغات غير لغته الأم. يحتاج إقليم كردستان إلى سياسة وخطة لإدارة اللغة. باعتبارها منطقة متعددة الثقافات واللغات، يتم استخدام اللغتين الإنجليزية والعربية أيضًا في معظم المدارس والجامعات والكليات والمعاهد، باستثناء بعض المدارس الخاصة بالأقليات الدينية والعرقية مثل الآشوريين والتركمان التركمان تستخدم في التعليم، الأمر الذي يتطلب الحكم الرشيد لحماية حقوق كافة الأديان والمجموعات العرقية في كردستان مع حماية اللغة الكردية التي تعتبر من أهم عوامل الهوية الوطنية التي يستطيع الشعب الكردي الاستفادة منها ومواكبة موكب العولمة والتقدم والعلوم والتكنولوجيا.
يحمل هذا البحث عنوان (دور التعدد اللغوي في إيجاد فرص العمل في إقليم كردستان العراق).
يتكون البحث من قسمين: المقدمة، والمحتوى، والنتائج، والمصادر. بالإضافة إلى ذلك، يتم كتابة الملخص باللغتين العربية والإنجليزية.
الجزء الأول بعنوان (التعددية اللغوية وفوائدها)، ويتضمن المواضيع التالية: مفهوم التعددية اللغوية وتعريفها، أسباب التعددية اللغوية، فوائد التعددية اللغوية في إقليم كوردستان.
أما الجزء الثاني فيحمل عنوان (دور التعدد اللغوي في إيجاد الوظائف) ويتضمن المواضيع التالية: التعدد اللغوي في إقليم كوردستان،والبحث الميداني.